# کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گەنجان

م.ی. جوانە صلاح حسین
jwana.hussein@uoh.edu.iq
زانکۆی هەڵەبجە - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی ڕاگەیاندن

م.ی. شیرین صالح محمد
Shirinsalih16@gmail.com
وەزارەتی پەروەردە

ڕێکەوتنی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٠٤/١٥

**پوختە:**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پلاتفۆڕمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە و دەتوانن کاریگەری لەسەر کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی جێبهێڵن، لە لایەکەوە ڕەنگە کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندروست بکەن، لە لایەکی ترەوە ڕەنگە ببنە هۆکاری هەستکردن بە تەنیایی و بەرکەوتنی تاکەکان بە هێرشە ئەلیکترۆنیەکان و کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە نیشاندانی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی تۆڕەکۆمەلایەتیەکان لای گەنجان و کاریگەرییە کۆمەلایەتیەکانی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە گەنجانی شاری سلێمانی، ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەش (١٥٦) گەنجە. توێژینەوەکە لە جۆری (وەصفی)ە و میتۆدی بەکارهێنراو بریتییە لە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی، لە ڕیگەی فۆرمێکی ڕاپرسییەوە، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتین لە (ڕێژەی سەدی، ناوەندەژمێرەیی، لادانی پێوەریی، هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ، ...) ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەر خستووە کە گرنگترین پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بوارە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی تاکە، وەک پەیوەندیکردن بە ئەندامانی خێزان و هاوڕێکانیانەوە، ئاشنا بوون بە کولتورو شێوازی نوێی ژیانکردن لە جیهاندا، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان، بەکار هێنانی پلاتفۆرمەکان بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری لەسەر گەنجان بەجێ دەهێڵیت، لە ڕووی کاری کۆمەڵایەتیشەوە بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان لە یەک کاتدا هۆکاریشی هەیەو کاریگەریش لەسەر گەنجان جێدەهێڵێت.ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەبەشی دووەم :چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، بەشی سێیەم : چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە.

**کلیلە وشەکان : کاریگەرییە کۆمەلایتیەکان، پلاتفۆرمە کۆمەلایتیەکان، گەنجان**

**پێشەکی:**

ئینتەرنێت ئەو تورە ئەلیکترۆنییەیە کە زۆر بەخێرایی بەتەواوی جیهاندا بڵاوبۆوەو بەردەوامە لە گەشەکردن، سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش یەکێکە لە سیما دیارەکانی گەشەکردنی ئینتەرنێت، کە لەلایەکەوە بۆتە هۆکارێک بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو، لەلایەکی دیکەشەوە بووە بە کەناڵێک بۆبڵاوکردنەوەی بیروڕاو ژیانی تایبەتی، لەگەڵ ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە هۆکارێک بۆ بازرگانی و ئەنجامدانی کاری سەربەخۆ بەشێوەی ئۆنلاین، هەموو ئەمانەش کاریگەری

sjh@univsul.edu.iq

تەواوی لەسەر کۆی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە جێهێشتووە گۆڕانکاری بەسەر ماناو مەبەستی زۆرێک لە چەمک و بەهاو پەیوەندی و مامەڵەکانی کۆمەڵگەدا هێناوە.

بێگومان کۆمەڵگەی کوردیش بەدەر نییە لە کۆمەڵگەکانی جیهان و بەشێوەیەکی (ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ) کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری تەکنەلۆجیادا ڕوویداوەو لە ئێستادا ئینتەرنێت و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێک لە ژیانی تاکەکان و زۆرترین بەکارهێنەری هەیە. ئاشکراشە کۆمەڵگەکان لە ڕەگەزو چینی جیاواز لەڕووی تەمەن و ئاستی خوێندن و ئابوری و ... هتر پێکدێت، گەنجانیش چینێکن لە چینەکانی کۆمەڵگە و بە ڕاددەیەکی زۆر کەوتونەتە ژێر کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانیان و سەکۆیەک بۆ دەربڕینی بۆچونەکانیان و پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان دابین دەکات، لێرەوە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بەکارهێنان و کاریگەرییەکانی تورەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن گەنجانەوە دەبێتە پێویستییەکی گرنگ بۆئەوەی بەشێوەیەکی وردتر ئەو بوارانە دیاری بکەین، کە گەنجان تیایدا پێویستیان بەهاوکارییەو بتوانین هۆشیاری پێویستی چۆنیەتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**

لەو ڕوانگەیەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا (پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان) یەکێکە لە دیارترین و بڵاوترین گەشەکردنەکانی بواری تەکنەلۆجیاو ئینتەرنێت، کە لەلایەکەوە هۆکارە بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو لەلایەکی دیکەشەوە هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی خێرای ڕووداوەکان، کە کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی جێدەهێڵن و هۆکارێکشە بۆ کاریگەری کولتورو داب و نەریتە جیاوازەکانی نەتەوەکان لەسەریەکتری و دواجار هۆکارە بۆ ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابوری و ... هتر لە جیهاندا.

هەروەها لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێشوازییە زۆرەی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کرا لە جیهاندا، بە تایبەتی لەلایەن گەنجانەوە، کە بەهۆی تەمەنەکەیان و ئەو وزەو چالاکییە زۆرەی هەیانە، خواستیان بۆ تاقیکردنەوەی هەر شتێکی نوێ لە کۆمەڵگەدا زیاترە بەراورد بە تاکەکانی دیکە، لەبەرئەوە بووە جێگەی سەرنجی توێژەران، کە توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری پلاتفۆرمەکان لەسەر گەنجان ئەنجام بدەن، بۆئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی زانستی کاریگەرییەکان لەسەر گەنجان دیاری بکەین. لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانین لە ڕوانگەی ئەنجامی توێژینەوەکانەوە ئەو بوارانە دەستنیشان بکەین، کە توێژەران و ڕێنماییکاران دەتوانن کاری لەسەر بکەن، تا بتوانن گەنجان هۆشیار بکەنەوە بۆ بەکارهێنانی پلات فۆرمەکان بەشێوەیەکی دروست و گونجاو،

sjh@univsul.edu.iq

کە کاریگەرییە سـلبییەکان بۆ کەمترین رادده کەم بکەنەوە. لەم روانگەیەوە لەم توێژینەوەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسـیارە سەرەکییە بدەینەوە، کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گەنجان چییە؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە کار لەسەر چینێکی هەستیاری کۆمەڵگە دەکات، کە گەنجانن و دەکرێت هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگەدا لەسەر دەستی ئەم چینە ڕوو بدات، لەبەرئەوە نیشاندانی هۆکارە پاڵنەرەکان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی پلاتفۆرمەکان لەسەر گەنجان، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە دەبێتە بەرچاو ڕوونیەک بۆ ئەو کەسانەی گرنگی بەم بابەتانە دەدەن، تا بزانن چۆن دەتوانن هاوکاری گەنجان بکەن، کە گرنگی بە گرنگی بە تواناکانیان بدەن، لەلایەکی دیکەشەوە شارەزابن بەو بوارانەی پێویستە تیایدا هۆشیاری بدەن بە گەنجان بۆئەوەی زیانەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لەسەریان کەم بکەینەوە.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. دەرخستنی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن گەنجانەوە.

٢. نیشاندانی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لەسەر گەنجان.

٣. دەرخستنی بوون یان نەبوونی جیاوازی ئاماری لە پاڵنەرو کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لای گەنجان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون).

**باسی دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کاریگەری:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییانەیە، کە پلاتفۆرمەکانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر گەنجان دروستی دەکەن.

**دووەم: پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان:**

بەپێی فەرهەنگی ئینگلیزی کامبریج، پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەیە بۆ ئەو فۆرمانەی میدیا، کە ڕێگە دەدات خەڵکی پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن و زانیارییەکانیان هاوبەش بکەن، ئەویش بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت یان مۆبایل (Dictionary). یان کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای جۆراوجۆرە، کە ئاسانکاری بۆ هاوبەشکردنی بیرۆکە و زانیاری لە نێوان بەکارهێنەراندا دەکات، کە پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکانی وەک بلۆگ، تۆڕەکانی بازرگانی، پرۆژەی هاوبەش و سـایتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت، کە بەرنامەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات(Thomas Aichner, 2021, p. 2015). هەروەها ئاماژەیە بۆ ئامرازەکانی کارلێککردن لە نێوان مرۆڤەکاندا کە تێیدا زانیاری و بیرۆکە لە کۆمەڵگە و تۆڕە مەجازییەکاندا دروست دەکەن، هاوبەشی دەکەن و ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچون و زانیارو وێنەو ڤیدیۆکان دەکەن، کە بریتین لە پلاتفۆرمە سەرەکییەکانی فەیسبووک، ئێکس/تویتەر، ئینستاگرام، لینکیدئین و یوتیوب و .... چەندین ئەپلیکەیشنێکی دیکە (( Lutkevich, 2021).

**پێناسەی ڕێکاری پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان:** مەبەست لەسەرجەم ئەو پلاتفۆرمە باوانەیە، کە لە لایەن گەنجانەوە لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پەیوەندی کردن و کارێلککردن و ئالو گۆری زانیارو بیرو بۆچونەکانیان بەکار دەهێنرین.

**سێیەم: گەنج:**

ئەو قۆناغەی تەمەنە، کە تاکە کەس تێیایدا گەیشـــتۆتە تەمەنی باڵغ بوون و زۆرترین هێزو چالاکی هەیە بەراورد بە قۆناغەکانی دیکەی تەمەن (بينيت و آخرون، ٢٠١٠، ٤١٧). یاخود قۆناغێکە لە قۆناغەکانی تەمەن و دەکەوێتە نێوان منداڵی و پیرییەوە، لەڕووی بایۆلۆجییەوە بە پێگەیشتنی ماسولکەیی و بوونی هێز جیادەکرێتەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتییشەوە ئەو قۆناغەی تەمەنە تاکە کەس تیایدا بەرەو دیاریکردنی داهاتووی هەنگاو دەنێت، داهاتووی کارو پیشـــەو خێزان ... هتر (فرد، ٢٠٠٧، ٥). لە زانســـتی دەروونناسی کۆمەڵاتیدا قۆناغی گەنجی بە کۆتایهاتنی قۆناغی هەرزەکاری پێشوەختە دەست پێدەکات تا کۆتایی قۆناغی پێگەیشتنی پێشوەختە، ئەو قۆناغەی لەگەڵیدا گەشەی (من) و (سەلماندنی خود) تەواو دەبێت (دنوره، ٢٠٢٢، ١٣) لە زانستی کۆمەڵناسیشدا گەنج پێگەیەکی وەرگیراوەو تاکەکەس دەســەڵاتی تێدا نییە، یان ســیفەتێکە کۆمەڵگە دیاری کردوەو تەنیا بریتی نییە لەو بارودۆخە بایۆلۆجییانەی پەیوەستن بە تەمەنەوە، بەڵکو بریتییە لە تێپەڕاندنی کۆمەڵێک قۆناغی سوڕی ژیان و ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک کێشەی ســۆزداری و کۆمەڵایەتی،کە زانایان بڕوایان وایە پەیوەســتە بە پرۆســەی بەکۆمەڵایەتیکردنەوە (مارشـــال، ٢٠٠٠، ٨٤١). لە دیاریکردنی ماوەی تەمەنی گەنجدا بیروڕای جیاواز هەیە، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشـــتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەســـاڵی ١٩٨٠دا تەمەنی گەنجی لە ماوەی نێوان ١٥ – ٣٠ ساڵی دیاریکردوە، ئەم ماوەیەش بە تەمەنی گەشەکردن و فێربوون و توانای داهێنان و سەرکێشی و ئارەزوو بۆ ڕودانی گۆڕانکاری و گەشەپێدانی کۆمەڵگا دادەنرێت (فهمي، ٢٠٠٧، ٨٦).

پێناسەی ڕێکاری گەنج لەم توێژینەوەیەدا: بریتییە لە چینێکی کۆمەڵایەتی، کە بە تایبەتمەندی بایۆلۆجی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەناسرێنەوەو خواستی گۆڕانکاری و تاقیکردنەوەی شتی نوێیان هەیە، ئەو کەسانەن، کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٦ – ٣٥) ساڵی.

**باسی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

١/ توێژینەوەی (أحمد، ٢٠٢٠) بەناونیشانی (العلاقة بين استخدام وسائل التواصل الاجتماعي والمشكلات الاجتماعية لدى الشباب الجامعي): ئامانجی توێژینەوەکە نیشـــاندانی پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کێشـــە کۆمەڵایەتییەکانە لای خوێندکارانی زانکۆ، توێژەر ٣١١ خوێندکاری زانکۆی قەتەری وەک نموونە وەرگرتوە، لە کۆتاییدا گەیشـــتۆتە ئەو ئەنجامەی ڕیزبەندی بڵاوترین پلاتفۆرمی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراو، ســـناپ چات، واتس ئەپ، ئینســـتاگرامە، ڕێژەی ڕۆژانەی کاتژمێری بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان (٥) کاتژمێرە، ڕیزبەندی گرنگترین پاڵنەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان ئەنجامدانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندی کردن بە ئەندامانی خێزانەکەیانەوەو دواتر بۆ بەســـەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان بووە، هەروەها توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی پەیوەندی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لای گەنجان.

٢/ توێژینەوەی (أبو ســريع و آخرون، ٢٠١٨) بەناونیشـــانی (مواقع التواصـــل الاجتماعي وانعكاســـاتها الاجتماعية والبيئية على المراهقين): ئامانجی توێژینەوەکە زانینی دیارترین پلاتفۆرمە بەکارهێنراوەکان و پاڵنەرەکانی بەکارهێنان و ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانە لەســەر هەرزەکاران، (٢٥٠) قوتابی هەرزەکارو (١٥) پسپۆڕی بوارە جیاوازەکانیان وەک نموونەی توێژینەوەکەیان وەرگرتووە، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە ڕیزبەندی گرنگترین پلاتفۆرمی بەکارهێنراو لای هەرزەکاران (فەیســـبووک، واتس ئەپ، انســـتاگرام، یوتیوب)ە، جیاوازیش هەیە لە پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لای

ڕەگەزی نێرو مێ، لە پلەی یەکەم و دووەم هەردوو ڕەگەز (بۆ خۆشی و تەرفیهی، زانینی ڕوداوە نوێیەکان) بەڵام بە پلەی سێیەم (سەیرکردنی فیلم و دراماکان) لای ڕەگەزی نێرو (دورکەوتنەوە لە بێزاری و پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵ) لای ڕەگەزی مێ، لە دیارترین ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکان (بەسەربردنی کاتی بەتاڵ، بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانیاری) دیارترین ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکانیش (پشتگوێ خستنی خوێندنەوە، بەفیڕۆدانی کات).

٣/ توێژینەوەی (جمال، ٢٠٢٣) بەناونیشانی (العلاقة بين استخدام مواقع التواصل الاجتماعي والاضطرابات السلوكية لدى المراهقين في المدارس الثانوية المصرية)، ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە بە شڵەژانی ڕەفتاری لای هەرزەکاران لە قوتابخانە ناوەندییەکانی میصر، توێژەر ٣٦٠ قوتابی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان وەک نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە، لە کۆتاییدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی دیارترین پلاتفۆڕمە بەکارهێنراوەکان لای هەرزەکاران بریتی بووە لە فەیسبووک، انستاگرام، تویتر، یوتوب، هەروەها توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەکان کاریگەریان هەیە لە شڵەژانی ڕەفتاری لای هەرزەکاران، لەدیارترین کاریگەرییەکانیشی دانانی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، درۆکردن، هاندەرە بۆ لادانی جنسی، توندوتیژی، جگەرەکێشان، خۆکوشتن، هۆگربوون بە مادده کحولی و هۆشبەرەکان.

٤/ توێژینەوەی (السالم، ٢٠١٩): بەناونیشانی (الآثار الإجتماعية للاستخدام مواقع التواصل الإجتماعي) ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی شێواز و چۆنێتی و پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای گەنجان و ئەو کاریگەرییانەی دروستی دەکات، جۆری توێژینەوەکە وەسفییەو میتۆدی وەسفی بەکار هێناوە، لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی و چاو پێکەوتنی تایبەتەوە داتاکانی کۆکردۆتەوە، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی وەر گیراوە لە گەنجانی کۆمەڵگەی (کوێت) و بەگشتی لە (٥٨٣) گەنج پێک دێت، لە کۆتایدا توێژینەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی ئەو پاڵنەرانەی هانی گەنجانی کۆمەڵگەی (کوێت) ی داوە بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زیاتر پاڵنەری بەسەربردنی کات و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

## بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### باسی یەکەم: پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان

#### یەکەم :سەرەتایەک دەربارەی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانیان

پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە پێشکەوتنە نوێیەکانی ئینتەرنێت و دەکەونە ناو چوارچێوەی (سۆشیاڵمیدیا)وە، کە زاراوەی "سۆشیال میدیا" (SM) بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1994 لە ژینگەیەکی میدیای ئۆنلاین لە تۆکیۆ بەکارهات، کە ناوی Matisse.1، سەرەتا بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت بوو لە بواری بازرگانیدا، کە یەکەم پلاتفۆرمی SM پەرەی پێدرا و خرایە بازاڕەوە. بە تێپەڕبوونی کات هەم ژمارەی پلاتفۆرمی SM و هەم ژمارەی بەکارهێنەرانی چالاکانەی SM بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد، ئەمەش وایکرد ببێت بە یەکێک لە گرنگترین بەرنامەکانی ئینتەرنێت، جێگای ئاماژەیە، یەکەم پێناسەی فەرمی لە ساڵی ١٩٩٦ هوەیە و "تۆڕە کۆمەڵایەتییە پشتگیریکراوەکانی کۆمپیوتەر" یان "CSSN" بەکاردەهێنێت، هەرچەندە زاراوەی "SM" نزیکەی ٢ ساڵ پێشتر داڕێژراوە. دواتر توێژەران زاراوەی جیاوازیان بەکارهێنا وەک "کۆمەڵگەی مەجازی، تۆرە کۆمەڵایەتییەکا، خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تۆری کۆمەڵایەتی ئۆنلاین، سایتی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیا".

هەرچەندە گۆڕانکاری بچووک لەم زاراوانەدا هەیە، بەڵام دەتوانرێت بۆ سێ پۆل پۆلبەندی بکرێن: VC، SN و SM. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە هەموو ئەم پێناسانە باس لە یەک چەمک دەکەن، بەڵام بە زاراوەی جیاواز ساڵی 1997 تا 2002، VC زاراوەی باڵادەست بووە. لە بەرامبەردا، SN بۆ ماوەیەکی درێژتر بەکارهات، بەڵام لە ساڵی 2005 تا 2009 زاڵ بوو، تەنها لە ساڵی 2010بوو کە توێژەران دەستیان کرد بە بەکارهێنانی SM بە زۆری. بەڵام پێناسەکان- سەربەخۆ لە زاراوەی خۆیان- چۆن گۆڕانکارییان بەسەردا هات (Thomas Aichner, 2021, p. 2015 ).

لەگەڵ ئەمانەشدا هەر داهێنان و پێشکەوتنێک لە هەر بوارێکدا ڕوودەدات چەندین تایبەتمەندی هەیە، پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە، لە گرنگترینیان: (احمد، 2023)

١. کارلێککەر: ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات بابەتی جۆراوجۆر ئاڵوگۆر بکەن و گفتوگۆ و کۆمێنتی لەسەر بکەن و بڵاوی بکەنەوە، هەروەها دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ دیالۆگ و چاتی ڕاستەوخۆ، کە تیایدا تاک وەرگر و خوێنەرە، نێرەر و نووسەر و بەشدارە.

٢. بونی ئازادیی فراوان و جیهانی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئازادی بە بەکار هێنەرانی داوە و فەزای مەجازی ئەو سنوورە فەزایی و کاتییانەی پێشتر داخراو بوون لەبەردەمیدا کردەوە.

٣. خۆبەخۆبوون: پەیوەندیکردن لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە خۆبەخۆ و نافەرمیەو هیچ پلان و هەماهەنگییەکی تێدا نییە، هەروەها هیچ ڕێسا و سنووردارکردنێک نییە ئەم پەیوەندییانە ڕێکبخەن یان بەڕێوەی ببەن.

٤. یارمەتی تاکەکان دەدات خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێنن: پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان یارمەتیدەرن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوتار و دیالۆگ لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا.

٥. ئاسانی بەکارهێنان و فرەچەشنی و فرەیی بەکارهێنان.

٦. ئابورییەو تێچووی کەمە: لە ڕووی ئابورییەوە قۆرخ کار نیە، هەموو کەسێک بە یەکسانی مافی بەکار هێنانی هەیە.

**دووەم: گرنگترین جۆرەکانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان**

دەتوانین دیارترین پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەم جۆرانەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو: (tufts universty , 2013) ( Kovács (András, 2022, p. 19

١. بلۆگەکان: سەکۆیەکە بۆ گفتوگۆی ئاسایی و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێک یان بۆچوونێکی دیاریکراو.

٢. فەیسبووک Facebook: گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی جیهانە، مانگانە زیاتر لە 3003 ملیار بەکارهێنەری چالاکە (تا ساڵی 2023). بەکارهێنەران پرۆفایلی کەسی دروست دەکەن، بەکارهێنەرانی دیکە وەک هاوڕێ زیاد دەکەن و نامە و وێنەو زانیاریەکان دەگۆڕنەوەبەردوام داتوانن لاپەرەکانیان نوێبکەنەوە و . هەروەها براندە جیاوازەاکن دەتوانن لاپەڕە دروست دەکەن و بەکارهێنەرانی فەیسبووک دەتوانن لاپەڕەکانی براندەکان "لایک" بکەن کارلێکیان لەگەڵ بکەن.

٣. تویتەر (X/Twitter): یەکێکی دیکەیە لە پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەپێکی بێ بەرامبەرە/مایکرۆ بلۆگکردنە کە ڕێگە بە گروپ و تاکەکان دەدات لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی پەیامی کورتەوە پەیام و بۆچونەکانی خۆیان بخەنە ڕوو ئەوەی ئەم پلاتفۆرمە لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە نوسین و ژمارەی پیتە بەکار هاتووەکان بۆ هەرپۆستێک سنور دارە و نابێت لە ٢٨٠ پیت زیاتر بێت.

٤. ئینســــتاگرام: ئەپێکی بێبەرامبەرە بۆ هاوبەشـــــکردنی وێنە و ڤیدیۆ، بەکارهێنەر دەتوانێت فلتەری دیجیتاڵی و چوارچێوە و کاریگەری تایبەت لەسەر وێنەکان دابنێت و دواتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بڵاوی بکاتەوە.

٥. لینکیدئین LinkedIn:یەکێکی دیکەیە لە ئەپەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و تارادەیەک لەلایەن کەســـانی تایبەت مەندەوە بەکار دێت و کەمتر باوە بەراورد بە ئەپەکانی دیکە، شـــوێنێکە کۆمەڵێک کەســـی پیشـــەیی کە بوارەکانی ئارەزووی هاوشـــێوەیان هەیە دەتوانن زانیاری هاوبەش بکەن و بەشداری لە گفتوگۆیەکدا بکەن.

٦. یوتیوب/ڤیمیۆ: پۆســـتکردنی ڤیدیۆ و ســـەیرکردنی ماڵپەڕەکان: ئەم ئەپلیکەیشـــنە وەک ســـەرچاوەیەکی گرنگی فێرکاری و دەســـتخســـتنی زانیاری بەکار دەهێنرێت، بەکارهێنەر لە ڕێگەی ڤیدۆوە بابەتەکانی پەخش دەکات، لە ئیســـتادا بۆتە ســـەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ زۆرێک لە ڤلۆگەرو کەســـە بەناو بانگەکان، چونکە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانیانەوە ڤیویان زیاد دەکەن، کۆمپانیای فەیسبووکیش مانگانە بە پێی ژمارەی ڤیویان پارە دەخاتەسەر حسابەکانیان.

٧. تیک تۆک (TikTok): لە ئێســـتادا تیکتۆک یەکێکە لە پربەکار هێنەرترین ئەپەکانی ســـۆشـــیال میدیا بەتایبەت لە لایەن گەنجانەوە، تیک تۆک لە ساڵی ٢٠٢١ دا لە ١٥٥ وڵاتدا بەکار هێنراوە و ٨٠٠ ملیۆن بەکار هێنەری هەیە، ٦٦% بەکار هێنەرانی لە خوار تەمەنی ٣٠ ساڵییەوەن، زۆرینەی بەکار هێنەرانی TikTok چینین، کە ٥٠٠ ملیۆن بەکار هێنەرن، ئەو ناوەرۆکانەی لە تیک تۆک بڵاو دەکرێتەوە بابەتی کورت و خێران، کە میوزیک یان گۆرانی دەخرێتە سەر وێنە و ڤیدیۆکان.

**سێیەم: گەنج و پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان**

گەنج بریتییە لە کائینێک لەناو کاروانێکی مێژوویی پڕ لە جموجوڵی فسیۆلۆژی و بایەلۆژیدا دەژی، واتە کۆی ئەو ئاماژە و دەلالە بایەلۆژی و فسیۆلۆژیانەی شـوناسـی گەنج وەک کائنێکی عومری و تەمەندار دیاریدەکەن لە گەشـەیەکی بەردەوامدان، لە دیوێکی دیکەوە گەنج بونەوەرێکە لەناو کۆمەڵە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاجیادایەو ڕۆژانە لە پەیوەندیدایە لەگەڵیاندا، ئەم پەیوەندی و تێکەڵاوبونەش بە کۆمەڵێک چوارچێوەو قۆناغی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دەبیات، لە ئەنجامدا کۆی هەڵســـوکەوت و ڕەفتارەکانی یان ژیری و بیرکردنەوەکانی یان پەروەردەو پێگەیشتنەکانی لە فەزای ململانێ یان گونجانێکی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوە دەبات (سدیق، ٢٠٠٧: ٨٠)، لەبەرئەوە گەنج وەک توێژێکی بەرچاوو کاریگەر لە کۆمەڵگەدا سەرنجی زۆرێک لە بیریارانی بوارە جیاوازەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو جیاکەرەوەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە گەنجان بە سەرچاوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا دادەنرێن، چونکە بەردەوام بەدوای وەرگرتنی شـــتی نوێوەن و لە هەوڵی گۆڕانکاریدان و ئامادەییەکی گەورەیان بۆ داهێنان هەیە، هەر لەم قۆناغەدا تایبەتمەندییەکانی ســـەربەخۆیی کەســـایەتی و مەیلی خۆســـەلماندن ســـەر هەڵدەدات، ئەویش بە بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنی ژیان و داهاتوو هاوسەرگیری و خوێندن و بەدەستهێنانی سامان، تایبەتمەندییەکی دیکەیان بریتییە لە بوونی وزەیەکی مرۆیی زۆرو جۆش و خرۆش و هەســـتیاری و بوێری و ســـەربەخۆیی و زیادبوونی هەســـتی دڵەڕاوکێ و ئایدیالیزمی دوور لە بەرژەوەندی و پەیوەندی، هەمیشە ڕەخنە گرانە بیر دەکاتەوەو ڕەخنەکانیشی لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە، کە واقیع دەبێت لەگەڵ بیرکردنەوە ئایدیاڵیەکەیدا بگونجێت، لەگەڵ ئەمانەشدا فشارو زۆرەملێ قبوڵ ناکات، بەبێ گوێدانە ئەوەی کێ بەرپرسە لەم فشارە خێزان یان دەســـەڵات، گرنگترین تایبەتمەندیشـــی ئەوەیە توانای وەڵامدانەوەی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر و خێرا قبوڵکردن و وەرگرتن و بەرگریکردن لە داهێنانە نوێیەکانی هەیە، ئەم ســـیفەتانە ڕەنگدانەوەی قەناعەت و ئارەزووی گەنجە بۆ گۆڕینی ئەو

واقیعەی خۆیانی تێیدا دەبیننەوە (لولي، ٢٠١٦) (فريحات، ٢٠١٣)، لێرەوە پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان وەک داهێنانێکی نوێ بوونەتە بەشێکی گرنگی ژیانی گەنجان لەسەردەمی نوێدا و بەشدارن لە دابینکردنی پێداویستییەکانیاندا و ڕێگەیان پێدەدات ناسنامەی مەجازی خۆیان بنیات بنێن، ئەمە جگە لەوەی کاتێکی زۆری ژیانی ئاسایی هەر تاکێکی کۆمەڵگە وەردەگرێت و بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکات و ئەو شێوازە جیاواز و داهێنەرانەی بۆ پەیوەندیکردن لە سەرانسەری جیهاندا هێناویەتییە ئاراوە بەشدارە لە هێشتنەوەی تاک و کۆمەڵگا لە پەیوەندیەکی بەردەوامدا، بەم هۆیەشەوە کاریگەری لەسەر تاکە کەس و کۆمەڵگە و سەرجەم بوارە جیاوازەکانی ژیان هەیە (الصلاحين، bunean، 2023)، لە گرنگترین کاریگەرییەکانیشی:

**أ/ کاریگەرییە ئەرێنییەکان:** (احمد، 2023، ٤٥٧) (Effects of Social Media on Teenagers، 2022) ( pewresearch, 2023).

١. بۆ پەیوەندی کەسی بەکاردێت: باوترین بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنانێتی لە بواری کەسی و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی فراوان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئەوەی ڕێگە بە گەنجان دەدات پەیوەندی بکەن بە هاوڕێ و خێزانەکانیانەوە لە سەر ئاستی جیهان، واتە ئاسانکاری دەکات بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەیشتنیان بە پشتگیری و ئامۆژگاری بەردەوام.

٢. دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و دەربڕینی بیروڕا: گەنجان دەتوانن دەستیان بە زانیاری بەنرخ بگات و زانیاری و هەواڵ لە بوارە جیاوازەکاندا بەدەستبهێنن و فەزایەکی وا دروست بکەن بتوانن بیروبۆچونەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، ئەمەش گەشەپێدانی کەسی پەروەردە دەکات.

٣. گەشەپێدانی بواری ئابوری: زۆرجار پلاتفۆرمەکان بۆ دروستکردنی بزنسی بچوک یان وەک سەرچاوەی داهات لەلایەن دامەزراوە جیاوازەکان و پڕۆژە کەسییەکانەوە لەبواری بازاڕگەری و مارکێتینگدا بەکاردەهێنرێت.

٤. کۆمەڵگەو پشتگیری: لەڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە گەنجان دەتوانن کۆمەڵگەی ئۆنلاین بدۆزنەوە کە بەرژەوەندی یان ئەزموونی هاوشێوەیان هەیە، بەمەش هەست بە سەربەخۆیی و پشتگیریکردن دەکەن لەلایەن کۆمەڵگەوە.

٥. پشتگیری بۆ گروپە پەراوێزخراوەکان: پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پشتگیری پێشکەش بە گروپە پەراوێزخراوەکان دەکات.

٦ . ئاسانکاریدەکات بۆ دەستخستنی هەلیکار: لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا هەندێک لە پلاتفۆرمی تایبەتمەند هەن، کە ڕێگە بە ئەندامانی هەمان کۆمەڵگە دەدەن ئەزموونی کار و بڕوانامەی ئەکادیمی خۆیان نیشان بدەن و بەدوای کارێکدا بگەڕێن، کە لەگەڵ پسپۆڕی و بوارەکانی کارکردنیاندا بگونجێت وەک پلاتفۆرمی (LinkedIn).

٧. گەشەپێدانی تواناکان: زۆرجار پلاتفۆرمەکان هۆکارە بۆ گەشەپیدانی تواناکانی گەنجان و فراوانکردنی مەودای خستنەڕووی تواناکان لەبەردەم گەنجاندا.

**ب/ کاریگەرییە نەرێنییەکان:** (Damota, 2019) (الصلاحين، bunean، 2023)

١. دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و شڵەژانی کۆمەڵایەتی لای تاکە کەس.

٢. دەبێتە هۆی لە دەستدانی پەیوەندییە کۆمەلایەتیە ڕاستەقینەکان و چوونە ناو وەهمی سۆشیاڵ میدیا لە ڕێگەی دروستکردنی پرۆفایلی ناراست بەناو وێنەی خوازراوەوە.

٣. دروستبوونی تاوانکاری ئینتەرنێت و توندو تیژی : سۆشیال میدیا دەبێتە هۆی توندوتیژی ئۆنلاین، کە تاوانباران بەبێ کۆنترۆڵ توندوتیژییەکانیان فراوانتر دەکەن ئارەزووی هێرشکردنە سەر کەسانی بێتاوان دەکەن بەبێ جیاوازی.

٤. بڵاوکردنەوەی توندڕەوی و ڕق لە کۆمەڵگەدا: ڕەنگە کەســـانێک هەبن کە داوای توندڕەوی و ڕق بکەن لە ڕێگەی پلاتفۆڕمە جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ دروست کردنی پەشێووی کۆمەڵایەتی.

٥. کاریگەری لەســـەر ســـیاســـەت لە کۆمەڵگادا: لە ئێســـتادا تۆرە کۆمەلایەتیەکان کۆنترۆڵی زۆرێک لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان کردوەو ئاڕاستەی دەکەن ،سیاسەتیش بەدەرنیە لە و کاریگەرییە و کە رەنگە بە شێوەیەکی نادروست سیاسەت ئاراستە بکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر نائارامی لای گەنجان دروست دەکات.

٦. زیادبوونی ڕێژەی ئالوودەبوون: بەهۆی سەرنجڕاکێشییەوە تاک ئالوودە دەبێت پێی و ماوەیەکی زۆر بەکاریدەهێنێت، تا دەگاتە تەواوی ســـەعاتەکانی ڕۆژەکەی، بەمەش بەرهەمهێنانی تاک لە شـــوێنی کار یان خوێندنەکەی کەم دەبێتەوە، ئەمەش بەشـــدارە لە کاریگەری لەسەر کەمبوونیەوەی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادا بە گشتی.

**باسی دووەم: ئاڕاستەی تیۆری توێژینەوەکە**

**١. تیۆری تەکنەلۆژی میدیا ( تیۆری مارشـــال ماکلوهان[1]):** یەکێکە لەو تیۆرە نوێیانەی باس لە ســـروشـــت و ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەســـەر کۆمەڵگە جیاوازەکان دەکات و بڕوای وایە ئەو میدیایەی زانیاری لە ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە کاریگەرییەکی قووڵی لەســـەر خودی پەیامەکە و لەســـەر کۆمەڵگا بە گشـــتی هەیە (مطر، 2022). ماکلوهان جەخت لە شـــیکاری پرۆســـەی پەیوەندیکردن دەکاتەوەو بڕوای وایە تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو لە پەیوەندیکردندا لە هەموو قۆناغێکی مێژووییدا هەژموونی خۆی دەســـەپێنێت و کاریگەری لەســـەر هەســـت و بیرکردنەوەو ڕەفتاری تاکەکان دەبێت، چونکە بە بڕوای ماکلوهان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن درێژکراوەی پێنج هەستەکەی مرۆڤن و لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو هەستەی پەیوەستە بە جۆر و شێوازی ئامرازەکە و دەتوانن لە هەموو سەردەمێکدا خۆیان لەگەڵ بارو دۆخ و ژینگەدا بگونجێنن، لەبەرئەوە سروشتی ئامرازی گەیاندنەکە گرنگترە لە ناوەرۆکی پەیامەکە، کە دەکرێت ئامرازەکانی گەیاندن گەرم بن، کە مەبەســـت لێی ئامرازە ترادیشـــنەڵەکانی ڕاگەیاندنن وەک (ڕادیۆو تەلەفیزیۆن) یان ســـارد بن وەک ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان و میدیای نوێ و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان (نصـــیر, 2005)، ئەم تیۆرە جەخت لەو بیرۆکەیە دەکاتەوە، کە ئەو میدیایەی پەیامێک لە ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەســـەر چۆنیەتی هەستکردن و تێگەیشتنی پەیامەکە هەیە، لەگەڵ ئەوەی تەکنەلۆژیا جیاوازەکانی میدیا تێڕوانینمان بۆ جیهان لە قاڵب دەدەن و کاریگەرییان لەســـەر کارلێکەکانمان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەبێت (الجبار, 2002). بەشـــێوەیەکی گشـــتی دوو تێڕوانین بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەخەنە ڕوو، کە بریتین لە (ئامرازێکە بۆ بڵاو کردنەوەی زانیاری و کاتبەســـەر بردن و فێرکردن، یان بەشـــێکە لە زنجیرەی پێشـــکەوتنی تەکنەلۆجیا) (مطر، 2022). هەندێک لەزانایان دەڵێن تیۆری ماکلوهان پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان تەکنەلۆجیا و کۆمەڵگا زۆر ئاســـان دەکات، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان لەوباوەڕەدان تێڕوانینەکانی لە ئێســـتادا لە هەموو کاتێک زیاتر پەیوەندییان بە جیهانی دیجیتاڵییەوە هەیە (Lule، 2016).

1 مارشال مەکلوهان پرۆفیسۆرێکی کەنەدیە و لە ٢١ تەموزی ١٩١١ لە (إدمنتون) لە کەنەدا لەدایک بوەو، لە ٣١ کانونی یەکەمی ١٩٨٠ لە (تورنتو) لە کەنەدا کۆچی دوایی کردوە، مەکلوهان بە کارەکانی لەسەر کاریگەرییەکانی میدیا و تەکنەلۆژیا لەسەر کۆمەڵگا ناسراوە.

**٢. تیۆری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەم تیۆرە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها توێژینەوە لە کاریگەرییە کەسی و میدیاییەکان دەکات لەسەر ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەکرێنەوە، لە هەمان کاتدا کاردەکات بۆ دەستنیشانکردنی ئەگەری گۆڕانکاری لە ئاراستە و ڕەفتاری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بەو زانیاری و هەواڵانە. کەواتە دەتوانین سوود لەم تیۆرە وەربگرین بۆ زانینی کاریگەری و ئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەکارهێنەرانی، ئەویش لە ڕێگەی تێگەیشتن و توێژینەوە لەو کارلێکە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەی لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و هەواڵ لە نێوان ئەندامانی تۆڕەکاندا ڕوودەدات (علي، ٢٠٢١، ٤٥٠).

**٣. تیۆری مەعریفی:** یەکێکە لە تیۆرەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، بە بڕوای ئەم تیۆرە مرۆڤ بونەوەرێکی عەقڵانییەو ویستێکی ئازادی هەیە و هەموو ئەو ڕەفتارانەی ئەنجامی دەدات پاڵنەرێکی لە پشتەوەیە، کە ئاماژەیە بەو ووزە چالاکی بەخشە شاراوەیە یان ئەو ئامادەبیە فسیۆلۆجی یان دەروونییەی لە تاکە کەسدا ڕەفتارێکی بەردەوام و لێک نەپچڕاوەو تاکە کەس بەرەو هێنانەدی تێرکردنی پێداویستییەک هان دەدات، بە بڕوای زنا (ئەبراهام ماسلۆیە Abraham Maslow)[2] پاڵنەرەکانی ڕەفتاری مرۆڤ لەو پێداویستییانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تێرنەکراون و تاکە کەس هەوڵی تێرکردنیان دەدات(الكناني، ٢٠٠٣، ٢١-٢٩)، ئینجا پێویستییەکان جەستەیی یان دەرونی بن، چونکە بە بڕوای ماسلۆ سروشتی مرۆڤ بونیادێکی دەروونی هەیە هاوشێوەی بونیادی جەستەیی، لەبەرئەوە دەرونیش خاوەنی پێویستییەکانە، لە گرنگترین پێویستییەکانی دەرونیش (ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی واتە پێویستی مرۆڤ بۆئەوەی ببێتە کەسێکی قبوڵکراو لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی، پێویستی بۆ ئینتما واتە مرۆڤ ببێتە بەشێک لە کۆمەڵێک، پێویستی گوزارشتکردن لە خود واتە مرۆڤ ببێتە کەسێکی دیار لە کۆمەڵەکەیدا یان بتوانێت بە ئازادی بیروڕاکانی خۆی بخاتە ڕوو) (شاملۆ، ٢٠١٩، ١٩٨) دەتوانین ئەم تیۆرە لە شیکاری پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان لەلایەن گەنجانەوە بەکاربهێنین و بگەینە دەستنیشانکردنی ئەو پێداویستیانەی دەبنە پاڵنەری گەنجان بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان.

## بەشی سێیەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

#### یەکەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە

جۆری توێژینەوەکە وەسفییە، کە بریتییە لە توێژینەوە زۆر بڵاوو بەکارهاتووەکان و گونجاوە لەگەڵ زۆرێک لەو توێژینەوانەی لە بواری مرۆییدا ئەنجام دەدرێت (عبدالمؤمن، ٢٠٠٨، ٢٨٧)، میتۆدیش ئەو ڕێگایەیە توێژەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەکاریدەهێنێت، کە بابەتی توێژینەوەکە دەیخاتەڕوو (ابراش، ٢٠٠٩، ٦٥). لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، کە بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، لە ڕێگەی فۆڕمێکی ڕێکخراوەوە، کە لەلایەن کۆمەڵێك لێتوێژراو(نموونە)، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکەن وەڵامدەدرێتەوە(الجوهري و الخريجي، ٢٠٠٨، ١٢٦).

2 زانایەکی دەروونناسی ئەمریکییە، لەساڵی ١٩٠٨ لە برۆکلین لەدایک بووەو لەساڵی ١٩٧٠ کۆچی دوایی کردووە، بەناوبانگە بە تیۆری ڕێکخستنی پێداویستییەکان.

sjh@univsul.edu.iq

**دووەم: کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە**

**کۆمەڵگەی توێژینەوە** ئاماژەیە بۆ کۆی یەکەو ڕەگەزەکانی دیاردەیەک، کە توێژەر لە بارەیەوە توێژینەوە ئەنجام دەدات، دەگونجێت ئەو یەکەو ڕەگەزانە تاک، خێزان، قوتابخانە، دامەزراوە، یان کۆمەڵگە بەگشتی بێت (عقیل، ١٩٩٩، ١١٧). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە گەنجانی شاری سلێمانی، کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٥ – ٣٦) ساڵیەوە.

**نموونەی توێژینەوەش** ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵەی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوەو هەڵگری هەمان سیفەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەکەن و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکەن (ابراش، ٢٠٠٩، ٢٤٥). نموونەی ئەم توێژینەوە لە جۆری هەڕەمەکی سادەیە، کە مەبەست لێی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانە بۆ کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بتوانن بەشداربن لە توێژینەوەکەدا (صيني، ٢٠١٠، ٣٠٥). بە مەبەستی وەرگرتنی نموونەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە فۆرمێکی ئۆنلاینمان ئامادەکرد، دوای چاوەڕوانی بۆ ماوەی هەفتەیەک (بەهۆی کەمی کاتی دیاریکراو بۆ توێژینەوەکە) ژمارەی فۆرمەکان گەیشتە (١٧٠) فۆرم، دوای پێداچونەوە بە فۆرمەکاندا دەرکەوت (١٤) فۆرم هەڵەیان تێدا بوو، لەبەرئەوە دورخرانەوە، بەمەش (١٥٦) فۆرم مایەوە، واتە ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەمان (١٥٦) گەنجی شاری سلێمانییە. تایبەتمەندییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوەکەش لەم خشتەیەی خوارەوە نیشان دراوە:

خشتەی (١) زانیارییەکانی تایبەت بە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دووبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 61 | 39.1 | 156 |
| | مێ | 95 | 60.9 | |
| تەمەن | 25 – 16 | 104 | 66.7 | 156 |
| | 35 – 26 | 52 | 33.3 | |
| ئاستی خوێندن | ئامادەیی | 17 | 10.9 | 156 |
| | دبلۆم | 31 | 19.9 | |
| | بەکالۆریۆس | 93 | 59.6 | |
| | خوێندنی باڵا | 15 | 9.6 | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | شار | 111 | 71.2 | 156 |
| | قەزا | 32 | 20.5 | |
| | ناحیە | 13 | 8.3 | |

**سێیەم: سنورەکانی توێژینەوەکە**

١. سنوری جوگرافی: سنوری جوگرافی توێژینەوەکە بریتییە لە شاری سلێمانی.

٢. سنوری مرۆیی: بریتییە لە گەنجانی شاری سلێمانی بە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ).

٣. سنوری کاتی: بریتتیە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە (٢٠/ ٢/ ٢٠٢٤ – ٢٥/ ٣/ ٢٠٢٤).

**چوارەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە فۆرمی پێوەری بەکارهاتووە، کە بریتییە لە ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە، کە لەلایەن کەسێکەوە پردەکرێتەوە (خۆشناو، ٢٠٠٣، ٣٥) یان ئەم ئامرازە ڕێگەو شێوازێکی زانستییە توێژەر بۆ پێوانەی هەندێک دیاردەو چەمک بەکاری دەهێنێت، بۆئەوەی زانیاری وردتر لەسەر بابەتەکە دەستبخات (سید، ٢٠١٠، ٢١٥). بۆ ئامادەکردنی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکەش سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو ئەو سەرچاوانەی تایبەتن بە بابەتی توێژینەوەکەوە وەرگیراوە.

لە کۆتاییدا فۆرمێک ئامادەکرا، پێکهاتبوو لە پرسیارە گشتییەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون) لەگەڵ ٣٦ برگەی تایبەت بە توێژینەوەکە، کە دابەش بوون بەسەر دوو تەوەرەی (پاڵنەرو کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان) کە بەپێی پێوەری (لیکرتی پێنجی) داڕێژرابوو، وەڵامی برگەکانیش دابەشبوون بەسەر پێنج وەڵام و پێنج هێزدا، بەم شێوەیە (بەتەواوەتی لەگەڵیدام = ٥، لەگەڵیدام = ٤، ڕام نییە = ٣، لەگەڵیدانیم = ٢، هیچ لەگەڵیدانیم = ١). هەروەها بۆ دیاریکردنی ئاستی هەر برگەیەکیش سوود لە دیاریکردنی ناوەندژمێرەیی هەر برگەیەک وەرگیراوە، بۆ شیکردنەوەشی سوود لە بژاردەکان بەپێی پێوەری لیکرت، کە تایبەتە بە ئاستەکانی دیدوبۆچوونەوە وەرگیراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

$$\text{درێژی ماوە} = \frac{\text{کۆی هەڵبژاردنەکان} - ١}{\text{کۆی هەڵبژاردنەکان}} = \frac{٥ - ١}{٥} = ٠.٨$$

خشتەی (٢)

ئاستی ناوەندژمێرەیی برگەکان

| ئاستی برگەکە | بەهای ناوەندە ژمێرەیی |
|---|---|
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 1 – 1.80 |
| لەگەڵیدانیم | 1.81 – 2.60 |
| هیچ ڕام نییە | 2.61 – 3.40 |
| لەگەڵیدام | 3.41 – 4.20 |
| بەتەواوەتی لەگەڵیدام | 4.21 – 5 |

دوای ئامادەکردنی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە ئەم هەنگاوانەمان جێبەجێکرد:


**١/ ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە:** لەم قۆناغەدا فۆرمی ئامادەکراو ئاراستەی چەند پسپۆڕێک کرا، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی فۆرمەکە، تا بۆچونی خۆیان لەسەر برگەکان بخەنە ڕوو، کە ژمارەیان (٧ پسپۆڕ) بوو، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و جێبەجێکردنی ئەو تێبینی و گۆرانکارییانەی پسپۆڕان لەسەر فۆرمەکە خستبویانە ڕوو، ئەنجامی پێوەرکە (٠.٨٤)، ئەمەش

ئاستێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردن. (پاشکۆی (١) شێوەی کۆتایی فۆڕمی توێژینەوەکە نیشان دەدات)، پاشکۆی (٢) ناوو پسپۆڕی شارەزایان نیشان دەدات.

**٢/ دابەشـــبوونی ســـروشـــتی فۆڕمی پێوەری:** لە کۆنمرەی وەڵامی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەرکەوتووە دابەشـــبونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەســەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا دابەشـبوونێکی سـروشـتییە، چونکە بەهای ناوەندە ژمێرەیی و ناوەڕاســـتینە زۆر نزیکن لە یەکتری، لەگەڵ دابەزینێکی کەمی بەهای لاربوونەوەو تەپین. ئەم خشـــتەیەی خوارەوە دابەشـــبونی سروشتی پێوەرەکە نیشان دەدات.

خشتەی (٣) دابەشبوونی سروشتی بۆ پلەکانی پێوانی کاریگەرییەکانی پلاتفۆرمەکان

| کاریگەرییەکانی پلاتفۆرمەکان | بەهاکان |
|---|---|
| ناوەندەژمیرەیی (Mean) | 112.08 |
| ناوەڕاستینە (Median) | 113 |
| جیاوازی (Variance) | 304.632 |
| لادانی پیوەری (Std. Deviation) | 17.454 |
| نزمترین پلە (Minimum) | 50 |
| بەرزترین پلە (Maximum) | 179 |
| بوار (Range) | 129 |
| لاربونەوە (Skewness) | 0.345 |
| تەپین (Kurtosis) | 1.310 |



شێوەی (١)

چەماوەی دابەشبوونی سروشتی

٣/ جێگیری: بەمەبەستی زانینی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی لەبەرنامەی ( Statistical Package For Social Sciences – S.P.S.S) کرداری (ئەلفا کرۆنباخ) بەکارهێنرا، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٤) ئەنجامی (ئەلفا کرۆنباخ) بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی

| تەوەرەکان | ناونیشانی تەوەرە | ژمارەی برگە | بەهای (ئەلفا کرونباخ) |
|---|---|---|---|
| تەوەرەی دووەم | پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان | 17 | 0.72 |
| تەوەرەی سێیەم | کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان | 19 | 0.88 |
| کۆی گشتی | | 49 | 0.88 |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، جێگیری فۆرمی ڕاپرسییەکە دەکەوێتە نێوان (72 % - 88 %) ڕێژەی سەدی جێگیری فۆرمەکەش (88 %)، ئەمەش مانای ئەوەیە فۆرمەکە ئاستێکی باشی جێگیری هەیەو گونجاوە بۆ جێبەجێکردن.

**پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکان**

١. ڕێژەی سەدی: بۆ زانینی ڕێژەی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

٢. لادانی پێوەری: بۆ زانینی لادان لە خاڵی ناوەند بەکارهاتووە.

٣. هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ: بۆ دەرهێنانی پلەی جێگیری تەوەرەکانی پرسیارنامەکە بەکارهاتووە.

٤. هاوکێشەی (ت) بۆ یەک سامپڵ: بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی و ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو بەکارهاتووە، بۆ زانینی بوون یان نەبوونی پاڵنەرەکان و کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان.

٥. کرداری (تحليل العاملي) بۆ دیاریکردنی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان.

٦. تاقیکردنەوەی (کروسکاڵ واڵس) بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان.

٧. تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو سامپڵ بۆ زانینی جیاوازی نێوان دوو گۆڕا.

**باسی دووەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەی زانیارییەکان**

**یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە لەسەر بنەمای ئامانجەکان**

دوای وردبینی کردنی وەڵامەکان لەڕێگەی داخڵکردنی داتاکان لە بەرنامەی (SPSS) پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کارە ئامارییەکانمان بۆ گەیشــتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەنجامدا، پێش خســتنەڕووی ئامانجەکان، لەم خشــتەیەی خوارەوەدا چەند زانیارییەک دەخەینە ڕوو:

خشتەی (٥)     زانیارییەکانی تایبەت بە دیارترین شێوەو جۆرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان

| گۆڕاوەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دووبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| کام لەم پلاتفۆڕمانە بەکاردەهێنیت | فەیسبووک | 126 | 80.8 | 156 |
| | ئینستگرام | 122 | 78.2 | |
| | تویتر | 17 | 10.9 | |
| | سناپ چات | 108 | 69.2 | |
| | تیک تۆک | 57 | 36.5 | |
| | تیلیگرام | 103 | 66 | |
| | وەتس ئەپ | 83 | 53.2 | |
| | ڤایبەر | 98 | 62.8 | |
| | یوتوب | 105 | 67.3 | |
| | هی دیکە | 21 | 13.5 | |
| لە شەوو ڕۆژێکدا چەند کاتژمێر پلاتفۆڕمەکان بەکاردەهێنیت | کەمتر لە کاتژمێرێک | 8 | 5.1 | 156 |
| | ١ – ٢ کاتژمێر | 26 | 16.7 | |
| | ٣ – ٤ کاتژمێر | 71 | 45.5 | |
| | ٥ – ٦ کاتژمێر | 32 | 20.5 | |
| | زیاتر لە ٦ کاتژمێر | 19 | 12.2 | |
| زیاتر چ خزمەتگوزارییەکی پلاتفۆڕمەکان بەکاردەهێنیت | سەیرکردنی ڤیدیۆ | 140 | 89.7 | 156 |
| | چاتکردن | 123 | 78.8 | |
| | کۆمێنت | 28 | 17.9 | |
| | لایک | 50 | 32.1 | |
| | پۆستکردن | 42 | 26.9 | |
| | هی دیکە | 23 | 14.7 | |

وەک لە خشـــتەکەدا دەردەکەوێت ڕیزبەندی دیارترین پلاتفۆڕمی بەکارهێنراو لەلایەن گەنجانەوە بریتییە لە (فەیســـبووک، ئینســـتاگرام، ســـناپ چات) هەروەها (تویتر) کەمترین بەکارهێنانی هەیە لەلایەن گەنجانەوە، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (جمال، ٢٠٢٣) (أبوسریع و آخرون، ٢٠١٨) کە فەیسبووک ڕیزبەندی یەکەمی لە زۆرترین بەکارهێنان وەرگرتوەو

جیاوازە لە توێژینەوەکەی (أحمد، ٢٠٢٠) کە (سناپ چات) ڕیزبەندی یەکەمی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی وەرگرتووە. زۆرترین کاتی بەکارهێنانیش (٣- ٤) کاتژمێرە. زۆرترین خزمەتگوزاریش کە گەنجان بەکاریدەهێنن سەیرکردنی ڤیدیۆو پاشان چاتکردن و دواتر لایکردن دێت.

**ئامانجی یەکەم: دەرخستنی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن گەنجانەوە:** بەمەبەستی هێنانەدی ئەم ئامانجە، سەرەتا هاوکێشەی (T) (One Sample T-Test) بۆ یەک سامپڵ بەکارهێنا، بۆئەوەی بزانین ئایا پاڵنەر هەیە بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان لەلایەن گەنجانەوە، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکەی نیشاندراوە:

خشتەی (٦)

ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ دەرخستنی بوونی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان لای گەنجان

| تەوەر | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان | 51 | 59.24 | 7.523 | 13.686 | 0.000 | بەڵگەدارە |

بەهای (T) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (156) ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 1.97

بەوجۆرەی لە ئەنجامی هاوکێشەکەوە دەردەکەوێت، بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی، ئەمەش واتە هۆکار (پاڵنەر) هەیە بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن گەنجانەوە. بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دیارترین پاڵنەرەکانیش بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان، کرداری ئاماری (تحليل العاملي)مان بەکارهێنا، ئەم کردارە یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی وردتر لە توێژینەوەکەدا. خشتەی (٧) ئەنجامی شیکاری فاکتەری بۆ پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان (٥) فاکتەر دیاری دەکات، کە ڕێژەی جیاوازی شیکاری کەڵەکەبوو بۆ ئەم فاکتەرانە دەگاتە (56.802).

خشتەی (٧)

بەهای تایبەتمەندی فاکتەرەکان و ڕێژەی جیاوازی شیکاری و جیاوازی شیکاری کەڵەکەبوو بۆ پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان لەلایەن گەنجانەوە

| فاکتەرەکان | بەهای تایبەتمەندکراو | ڕێژەی جیاوازی شیکاری | ڕێژەی جیاوازی شیکاری کەڵەکەبوو |
|---|---|---|---|
| 1 | 3.297 | 19.393 | 19.393 |
| 2 | 2.490 | 14.646 | 34.038 |
| 3 | 1.604 | 9.438 | 43.476 |
| 4 | 1.242 | 7.306 | 50.783 |
| 5 | 1.023 | 6.020 | 56.802 |

پـاشـــان بۆئەوەی بگەینە ئەنجامێکی وردتر بۆ شـــیـکـارکردنی فاکتەرەکـان پشـــتمـان بەو فـاکتەرانە بەســـتووە کە بەهـا تایبەتمەندکراوەکانیان لە (٢) زیاترە و لە هەمان کاتدا پەیوەســتن بە زیاتر لە دوو گۆڕاوەوەو دەتوانن شـــیکردنەوەی تەواو بدەنە فاکتەرە دەرچوەکان، لە ئەنجامیشدا تەنیا (٢) فاکتەر دەمێنێتەوە، کۆی جیاوازی شیکاریش بۆ ئەم دوو فاکتەرە (34.038)، دواتر ئەژمـاری پۆلبەنـدی تێرکراو بەکـارهێنرا بۆ هەڵبژاردنی گۆڕاوەکـان، بەجۆرێـک هەر گۆڕاوێـک بەهـاکەی زیـاتر لە (0.50) دەرچوبێت وەک کەمترین ئاسـت بۆ دیاریکردنی ئەو گۆڕاوانەی کاراو کاریگەرن لەڕووی ئامارییەوە دیاریکرا، لە خشـتەکانی خوارەوەدا ئەو فاکتەرانە خراونەتە ڕوو، کە بەپێی تێربوونی بڕگەکان بۆ هۆکارەکان لە شیکردنەوەکەدا دەرکەوتون:

* **فاکتەری یەک:** بەهـای تـایبەتمەنـدی ئەم فـاکتەرە (3.297) بەڕێژەی شـــیـکـاری (19.393)، ئەم فـاکتەرە (٦) گۆڕاو لەخۆ دەگرێت، کە بەهای پەیوەســـت بوونی هەریەکێکیان زیاترە لە (0.50)، ئەم بەهایەش لە گۆڕاوەکاندا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم فاکتەرە گرنگ و کاریگەرە، ئەم خشتەیەی خوارەوە گۆڕاوەکانی فاکتەری یەک نیشان دەدات:

خشتەی (٨) بڕگەکانی تایبەت بە فاکتەری یەک و بەهای تێربونیان

| ژ | بڕگەکان | بەهای پەیوەست بوونی گۆڕاوەکان | بەهای تێربونیان |
|---|---|---|---|
| ١ | پلاتفۆرمەکان بۆ پرس و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە کاتی بوونی کێشەیەکدا بەکاردەهێنم. | 0.504 | 0.444 |
| ٢ | پلاتفۆرمەکان بۆ ئاشنا بوون بە شێوازی ژیان لە کولتورە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنم. | 0.530 | 0.507 |
| ٣ | پلاتفۆرمەکان بۆ بەشداریکردن لە خولە ئۆنلاینییەکان بەکاردەهێنم. | 0.553 | 0.637 |
| ٤ | پلاتفۆرمەکان بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەو چالاکییەکانم بەکاردەهێنم. | 0.504 | 0.681 |
| ٥ | پلاتفۆرمەکان بۆ ئەنجامدانی کار خۆبەخشی و هاوکاری کەسانی دیکە بەکاردەهێنم. | 0.556 | 0.618 |
| ٦ | پلاتفۆرمەکان بۆ ئاشنا بوون بە گۆڕانکاری و داهێنانە نوێییەکان بەکاردەهێنم. | 0.572 | 0.371 |

* **فاکتەری دوو:** بەهای تایبەتمەندی ئەم فاکتەرە (2.490) بەڕێژەی شیکاری (34.038)، ئەم فاکتەرە (٣) گۆڕاو لەخۆ دەگرێت، کە بەهای پەیوەست بوونی هەریەکێکیان زیاترە لە (0.50)، ئەم بەهایەش لە گۆڕاوەکاندا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم فاکتەرە گرنگ و کاریگەرە، ئەم خشتەیەی خوارەوە گۆڕاوەکانی فاکتەری دوو نیشان دەدات:

خشتەی (٩) بڕگەکانی تایبەت بە فاکتەری دوو و بەهای تێربونیان

| ژ | بڕگەکان | بەهای پەیوەست بوونی گۆڕاوەکان | بەهای تێربونیان |
|---|---|---|---|
| ١ | بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانم پلاتفۆرمەکان بەکاردەهێنم. | 0.723 | 0.676 |
| ٢ | پلاتفۆرمەکان بۆ دوورکەوتنەوەم لە بێزاری و خەمۆکی بەکاردەهێنم. | 0.726 | 0.670 |
| ٣ | پلاتفۆرمەکان بۆ ڕاکردن (دوورکەوتنەوە) لە کێشەکانم بەکاردەهێنم. | 0.726 | 0.690 |

بەوجۆرەی لە خشـــتەکانەوە دەردەکەوێت، فاکتەری یەک زیاتر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت کە هانی گەنجان دەدەن بۆ بەکـارهێنـانی پلاتفۆرمەکـان، بەڵام فـاکتەری دوو زیـاتر هۆکـارە دەرونییەکـان لەخۆدەگرێـت، ئەمەش ئـامـاژەیەکی ڕوونە بۆ

کاریگەری پلاتفۆرمەکان لەسەر گەنجان، چونکە پەیوەست بوون بە هەر شتێکەوە کاریگەری لەسەر تاک جێدەهێڵێت و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەری.

ئەم ئەنجامانەش جیاوازە لە ئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەک لە (أحمد، ٢٠٢٠) (سالم، ٢٠١٩)، کە پاڵنەری سەرەکی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بریتتیە لە (یاریکردن و کات بەسەربردن و پەیوەندیکردن بە ئەندامانی خێزانەوە)، تاڕاددەیەک نزیکە لە توێژینەوەی (أبو سریع و آخرون، ٢٠١٨) کە یەکێک لە پاڵنەرە بەهێزەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان زانینی ڕووداوە نوێیەکان و دوورکەوتنەوە لە بێزاری و دڵتەنگییە.

**ئامانجی دووەم: نیشاندانی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لەسەر گەنجان:** بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە سەرەتا هاوکێشەی (T) (One Sample T-Test) بۆ یەک سامپڵ بەکارهێنا، بۆئەوەی بزانین ئایا پاڵنەر هەیە بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لەلایەن گەنجانەوە، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکەی نیشاندراوە:

خشتەی (١٠)

ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ زانینی بوونی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لای گەنجان

| تەوەر | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | ناوەندەژمیرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان | 57 | 52.84 | 12.456 | 4.172 | 0.000 | بەڵگەدارە |

بەهای (T) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (156) ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 1.97

بەوجۆرەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەوە دەردەکەوێت، بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی، واتە بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان کاریگەری هەیە لەسەر گەنجان، بۆئەوەی بزانین دیارترین کاریگەری کامەیە، لە خشتەی (١٢) بەپێی ناوەندەژمێرەییەکانیان ڕیزبەندی کاریگەرییەکان دەخەینە ڕوو:

خشتەی (١٢) ڕیزبەندی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان

| ژ | بڕگەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی بڕگە | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەکارهێنانی پلات فۆرمەکان هۆکار بووە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریم لە بوارەکانی (دەرونی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، تەندروستی، ژینگەیی، ....) | 4.13 | 0.801 | لەگەڵیدام | 1 |
| ٢ | بۆتە هۆی دروستکردنی هاوڕێی نوێ. | 3.28 | 1.206 | ڕام نییە | 5 |
| ٣ | پلاتفۆرمەکان بونەتە هۆی ئەوەی چەندین کتێبم دەست بکەوێت، کە لە کوردستان بەردەست نین. | 3.43 | 1.102 | لەگەڵیدام | 3 |
| ٤ | بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمدا. | 2.67 | 1.224 | ڕام نییە | 11 |
| ٥ | خێزانەکەم لۆمەم دەکەن بەهۆی زۆر بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانەوە. | 2.75 | 1.232 | ڕام نییە | 9 |
| ٦ | لاسایی کردنەوەی ژیانی کەسەبەناوبانگەکانی پلاتفۆڕمەکان تووشی زیادەڕەوی کردووم لەکڕینی شتومەکدا. | 1.78 | 1.032 | لەگەڵیدانیم | 19 |
| ٧ | ستایلی ژیانکردنی کەسە بەناوبانگەکانی پلاتفۆڕمەکان هۆکارە بۆ ڕازی نەبوونم لە ژیانی خۆم. | 1.97 | 1.180 | لەگەڵیدانیم | 18 |
| ٨ | بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان هۆکارە بۆ بەهەدەردانی کاتەکانم. | 3.40 | 1.196 | لەگەڵیدام | 4 |
| ٩ | بەکار هێنانی پلاتفۆرمەکان بۆتە هۆی کەمبوونەوەی متمانەم بەهاوڕێکانم. | 2.63 | 1.159 | ڕام نییە | 13 |
| ١٠ | واهەست دەکەم پەیوەندییەکانم لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان باشترە لە پەیوەندییە واقیعییەکانم. | 2.33 | 1.109 | لەگەڵیدانیم | 15 |
| ١١ | بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان هۆکار بووە بۆ بەشداری نەکردنم لە چالاکییەکانی کۆمەڵگەدا | 2.28 | 1.058 | لەگەڵیدانیم | 17 |
| ١٢ | پلاتفۆرمەکان هۆکارن بۆ گۆڕینی ڕەفتارم. | 2.76 | 1.054 | ڕام نییە | 8 |
| ١٣ | بەهۆی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانەوە وا هەست دەکەم داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە ئازادیان سنوردار کردوم. | 2.34 | 1.063 | لەگەڵیدانیم | 14 |
| ١٤ | پلاتفۆرمەکان تێڕوانینیان بۆ داب و نەریتە نەتەوەییەکان گۆڕیوم. | 2.71 | 1.097 | ڕام نییە | 10 |
| ١٥ | بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان وای لێکردووم کەمتر کتێب بخوێنمەوە. | 3.46 | 1.220 | لەگەڵیدام | 2 |
| ١٦ | هەست بە خەمباری دەکەم ئەگەر پلاتفۆرمەکان بەکارنەهێنم. | 2.82 | 1.198 | ڕام نییە | 7 |
| ١٧ | پلاتفۆرمەکان هۆکار بووە بۆ ڕووبەڕوبونەوەم بە توندوتیژی (ناو زڕاندن، دەرونی، هەراسانکردن، ...). | 2.29 | 1.261 | لەگەڵیدانیم | 16 |
| ١٨ | هەست بە خۆشحاڵی دەکەم کاتێک بڵاوکراوەکانم لە پلاتفۆڕمەکان لایک و کۆمێنتی زۆریان بۆ دەکرێت. | 3.17 | 1.304 | ڕام نییە | 6 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | متمانەم بە ئەو هەواڵ و زانیارو وێنە و ڤیدیۆیانە هەیە کە لە پلاتفۆڕمەکان بڵاو دەکرێتەوە. | 2.65 | 0.935 | ڕام نییە | 12 |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت پلەی یەکەم و سێیەمی کاریگەرییەکان هۆکارە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری گەنجان، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (أبو سریع و آخرون) کە بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان ڕەنگدانەوەی هەیە لە بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گەنجاندان، بەڵام پلەی دووەم و چوارەمی کاریگەرییەکان بریتین لە دورخستنەوەی گەنجان لە کتێب خوێندنەوەو بەهەردەدانی کاتەکانیان، ئەمەش هۆکارە بۆ زیان گەیاندن بە پلان و ئامانجەکانی گەنجان، لێرەشدا ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (أبو سریع و آخرون) کە پلاتفۆڕمەکان هۆکاری پشتگوێخستنی خوێندنەوەو بەفیڕۆدانی کاتەکانە لای گەنجان. بەڵام بۆ هەریەک لە بڕگەکانی (٢، ٤، ٥، ٩، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨، ١٩) نموونەی توێژینەوەکە بۆچونیان نەبووە لەسەر بڕگەکان، بەڵام هەریەک لە بڕگەکانی (٦، ٧، ١٠، ١١، ١٣، ١٧) بە بڕوای نموونەی توێژینەوەکە کەمترین کاریگەری هەبووە لەسەر گەنجان.

**ئامانجی سێیەم: دەرخستنی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون) لە پاڵنەرو کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکاندا:** بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی (کروسکاڵ- والیس) بەکارهێنا، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (١٣) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کروسکال والیس) بۆ زانینی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان

| گۆڕاوەکان | الاختبار | پاڵنەرەکان | کاریگەرییەکان |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | بەهای کروسکال والیس (Kruskal-Wallis) | 3.849 | 7.626 |
| | نمرەی ئازادی | 1 | 1 |
| | ئاستی بەڵگەداری | 0.050 | 0.006 |
| تەمەن | بەهای کروسکال والیس (Kruskal-Wallis) | 1.188 | 3.059 |
| | نمرەی ئازادی | 1 | 1 |
| | ئاستی بەڵگەداری | 0.276 | 0.080 |
| ئاستی خوێندن | بەهای کروسکال والیس (Kruskal-Wallis) | 4.260 | 0.270 |
| | نمرەی ئازادی | 3 | 3 |
| | ئاستی بەڵگەداری | 0.235 | 0.966 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | بەهای کروسکال والیس (Kruskal-Wallis) | 2.811 | 5.528 |
| | نمرەی ئازادی | 2 | 2 |
| | ئاستی بەڵگەداری | 0.245 | 0.063 |

بەوجۆرەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەوە دەردەکەوێت تەنیا لە گۆڕاوی ڕەگەزدا جیاوازی هەیە لەنێوان پاڵنەرو کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پێویستی و حەزو ئارەزووەکانی هەردوو ڕەگەز لەلایەکەوەو بواری گرنگی پێدان بۆ شتەکانی دەوروبەریان لەلایەکی دیکەوە.

لە کۆی گۆڕاوەکانی دیکەدا (تەمەن، ئاستی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون) جیاوازی نییە لە پاڵنەرو کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکاندا لای گەنجان، بۆئەوەی بزانین جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ کام ڕەگەز، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ناوەندەژمێرەییەکانیان، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ناوەندەژمێرەیی ڕیزبەندییەکانیان خراوەتە ڕوو:

خشتەی (١٤)

ناوەندەژمێرەیی و کۆی ڕیزبەندی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ پاڵنەرو کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان

| ڕەگەز | پاڵنەرەکانی بەکارهێنان | | کاریگەرییەکانی بەکارهێنان | |
|---|---|---|---|---|
| | ناوەندەژمێرەیی ڕیزبەندی | کۆی ڕیزبەندی | ناوەندەژمێرەیی ڕیزبەندی | کۆی ڕیزبەندی |
| نێر | 87.34 | 5328 | 90.96 | 5548.50 |
| مێ | 72.82 | 6918 | 70.50 | 6697.50 |

بەوجۆرەی لە خشتەکەوە دەردەکەوێت لەهەردوو تەوەرەی (پاڵنەرەکان و کاریگەرییەکان)دا ناوەندەژمێرەیی ڕەگەزی نێر گەورەترە لە ناوەندەژمێرەیی ڕەگەزی مێ، کەواتە جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی نێر، بۆئەوەی بەشێوەیەکی وردتر جیاوازییەکە دیاری بکەین، تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو سامپڵ (Independent Sample T- test) بەکارهێنا، لەم خشتانەی خوارەوەدا تەنیا ئەو بڕگانە دەخەینە ڕوو کە جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا.

خشتەی (١٥)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ جیاوازی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ژ | بڕگەکان | نێر | | مێ | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ١ | پلاتفۆرمەکان بۆ دەربڕینی بیروڕاکانم بەکاردەهێنم. | 3. 56 | 1.073 | 3.17 | 1.117 | 2.155 | 0.033 |
| ٢ | پلاتفۆرمەکان بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەو چالاکییەکانم بەکاردەهێنم. | 3.59 | 1.101 | 3.23 | 1.086 | 2.001 | 0.047 |
| ٣ | پلاتفۆرمەکان بەکاردەهێنم لەبەرئەوەی هاوڕێکانم بەکاریدەهێنن. | 2.89 | 1.240 | 2.51 | 0.977 | 2.131 | 0.035 |
| ٤ | پلاتفۆرمەکان بۆ ئەنجامدانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنم. | 2.67 | 1.351 | 1.92 | 1.007 | 3.998 | 0.000 |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) نمرەی ئازادی (154) = 1.96

خشتەی (١٦)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ جیاوازی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ژ | برگەکان | نێر | | مێ | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ١ | بەکارهێنانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی دروستبوونی هاوڕێی نوێ. | 3.72 | 1.097 | 3 | 1.194 | 3.799 | 0.000 |
| ٢ | بەکارهێنانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمدا. | 2.97 | 1.251 | 2.48 | 1.175 | 2.443 | 0.016 |
| ٣ | واهەست دەکەم پەیوەندییەکانم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باشترە لە پەیوەندییە واقیعییەکانم. | 2.62 | 1.199 | 2.15 | 1.010 | 2.664 | 0.009 |
| ٤ | بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان هۆکارە بۆ بەشداری نەکردنم لە چالاکییەکانی کۆمەڵگەدا. | 2.51 | 1.105 | 2.14 | 1.006 | 2.164 | 0.032 |
| ٥ | بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان وای لێکردووم کەمتر کتێب بخوێنمەوە. | 3.92 | 1.005 | 3.16 | 1.257 | 3.975 | 0.000 |
| ٦ | پلاتفۆرمەکان هۆکار بووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەم بە توندوتیژی (ناوزڕاندن، دەروونی، هەراسانکردن، ...). | 2.57 | 1.271 | 2.12 | 1.228 | 2.242 | 0.026 |
| ٧ | هەست بەخۆشحاڵی دەکەم کاتێک بڵاوکراوەکانم لە پلاتفۆرمەکان لایک و کۆمێنتی زۆریان بۆ دەکرێت. | 3.46 | 1.205 | 2.98 | 1.337 | 2.273 | 0.024 |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) نمرەی ئازادی (154) = 1.96

بەوجۆرەی لە ئەنجامی خشتەکانەوە دەردەکەوێت لە تەوەرەی پاڵنەرەکاندا تەنیا لە چوار برگەکەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا، لە کاریگەرییەکانیشدا دەردەکەوێت لە (٧) برگەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا.

**سێیەم: پەیوەندی کاری کۆمەڵایەتی بە بابەتی توێژینەوەکەوە:**

لەدوای گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بۆمان دەکەوت بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لە یەک کاتدا هۆکاریشی هەیەو کاریگەریش لەسەر گەنجان جێدەهێڵێت، ئاشکراشە ئامانجی کاری کۆمەڵایەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە کۆمەڵگەو تاکەکانی، لێرەدا لە ڕوانگەی بارودۆخ و ژینگەی هەرێمی کوردستان و لەو ڕوانگەیەی دواتر دەرچوانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی

دەتوانن چ خزمەتێک لەم بوارەدا پێشکەش بکەن، بە دوو شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆ پەیوەندی نێوان کاری کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لەلایەن گەنجانەوە باس بکەین:

أ/ بەشێوەی ڕاستەوخۆ:

١. دەتوانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەنجاندا کاربکەن، ئەویش بە هاوکاریکردنیان لە دانانی ئامانجێکی ڕوون و دروست و گونجاو، کە لە تواناو ئاستی تاکەکەدا بێت و بتوانرێت بەدیبهێنرێت بۆئەوەی تاکەکە بێزار نەبێت و واز لە کارکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەهێنێت.

٢. هاوکاری و یارمەتی گەنجان بدەن بۆ دۆزینەوەی توانا شاراوەکانیان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو خواست و ئارەزوانەی هەیەتی، لەوێوە بۆ برەودان بە خواستەکانی و پێشخستنی تواناکانی کار بکات بەمەبەستی گەیشتن ئامانجەکانی و بەدیهێنانی خەونەکانی.

٣. دەتوانن بە دروستکردنی متمانە لای گەنجان لەجیاتی ڕاکردن و دوورکەوتنەوە لە کێشەو دڵەڕاوکێکانیان کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان وەک لە ئامانجی یەکەمدا ئاماژەی پێدراوە، بتوانن لەلای ڕێنماییکاران گوزارشت لە دڵەڕاوکێکانیان بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن نەک ڕاکردن و جێهێشتنی کێشەکان بێ چارەسەرکردن.

٤. ڕێنماییاکاران دەتوانن لە ڕێگەی سیمینارەوە زیانەکانی زۆر بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بۆ گەنجان شیبکەنەوە، هاوکات لەگەڵیدا هۆشیاری و شێوازی دروستی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بخەنە ڕوو.

ب/ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ:

١. ڕێنماییاکاران دەتوانن لەڕێگەی ڕێنماییکردنی دایک وباوکانەوە کار کاربکەن، کە دایک و باوک چۆن دەتوانن هاوکاری منداڵەکانیان بکەن لە کەمتر بەکارهێنان یان شێوازی دروستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو پلاتفۆرمەکان.

٢. دەکرێت بە بەشداریکردن لە بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکان یان تەنانەت لە پلاتفۆرمەکان و لەڕێگەی کورتە ڤیدیۆوە ڕێنمایی پێشکەش گەنجان بکەن و ڕێنمایی دروست بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانیان بۆ شیبکەنەوە.

٣. ڕێنماییکاران دەتوانن لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەرک و کارەوە گەنجان سەرقاڵ بکەن بە کاری دیکەوە، بۆئەوەی کەمتر کات لەگەڵ پلاتفۆرمەکاندا بەسەربەرن.

**سێیەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:** لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١. ریزبەندی بڵاوترین پلاتفۆرمی بەکارهێنراو لەلایەن گەنجانەوە بەم جۆرەیە (فەیسبووک، ئینستاگرام، سناپ چات)ەو بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنان (٣- ٤) کاتژمێرە لە ڕۆژێکدا، بەرزترین ڕێژەی خزمەتگوزاری بەکارهێنراویش بریتییە لە سەیرکردنی ڤیدیۆ.

٢. گرنگترین پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی تاکە، وەک پەیوەندیکردن بە ئەندامانی خێزان و هاوڕێکانیانەوە، ئاشنا بوون بە کولتورو شێوازی نوێی ژیانکردن لە جیهاندا و بەشداریکردن لە خولە ئۆنلاینەکاندا، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان.

٣. بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بەهەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری لەسەر گەنجان جێدەهێڵێت، بەڵام بەوجۆرەی لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانی گەنجان زیاترە.

٤. سەبارەت بە کاریگەری پلاتفۆرمەکان لەسەر رەفتارو بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان، ئەوە دەردەخەن کە گەنجان لەم بارەیەوە وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیان نەبووە یان نەیان ویستوە رای خۆیان بڵێن لەسەر ئەم بابەتە.

٤. بەپێی گۆراوی رەگەز لە هەردوو تەوەرەی پاڵنەرو کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان جیاوازی هەیە لە بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکەدا، هەروەک بەپێی گۆراوی شوێنی نیشتەجێبون تەنیا لە کاریگەرییەکاندا جیاوزی هەیە لەنێوان نموونەی توێژینەوەکەدا، بەڵام بەپێی گۆراوی ئاستی خوێندن جیاوازی نییە لە نێوان نموونەی توێژینەوەکەدا.

**چوارەم: پێشنیارو راسپاردەکان**

- پێشنیارەکان

١. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەری پلاتفۆرمەکان لەسەر ئاستی هۆشیاری گەنجان لە هەریەک لە بوارەکانی (تەندروستی، ژینگەیی، دەروونی، ئاینی، ...).

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر رۆڵی رێنماییکاران لە رێنماییکردنی گەنجاندا بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان.

- راسپاردەکان

١. رەخساندنی دەرفەت بۆ رێنماییکاران بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان، بەتایبەتی لە قوتابخانەکان و دامەزراوەکاندا.

٢. راگەیاندنەکان لە پلاتفۆرمەکانیاندا تەوەرەو باسی تایبەت دەستنیشان بکەن و دەرفەت بدەنە رێنماییکاران لەوێوە رێنمایی و هۆشیارییەکانیان بڵاوبکەنەوە.

٣. دەکرێت هۆشیاری بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بکرێتە وانەیەک و لە قوناغەکانی بنەرەتی و ئامادەیی بخوێنرێت.

سەرچاوەکان:


١. ابراش، ئیبراهیم (٢٠٠٩): المنهج العلمي و تطبيقاته في العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

٢. الكناني، إبراهيم عبدالحسن و ئەوانی تر (٢٠٠٣): سایکۆلۆژیای گشتی، وەرگێرانی: صابر بکر بۆکانی، چاپخانەی ئەزمەر، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣. الجوهري، محمد، و عبدالله الخريجي (٢٠٠٨): طرق البحث الاجتماعي، الطبعة الخامسة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة.

٤. ئەلحەسەن، ئیحسان محمد (٢٠١٨): ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، وەرگێرانی: دانا مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی.

٥. بینيت، طوني و آخرون (٢٠١٠): معجم مصطلحات الثقافة والمجتمع، ترجمة: سعيد الغانمي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

٦. الجبار، مؤيد عبد (٢٠٠٢): العولمة الإعلامية والأمن القومي العربي، دار الأهلية للنشر والتوزيع.

٧. خۆشناو، ئەبوبەکر (٢٠٠٣): میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٨. دنوره، أمجد بهجت (٢٠٢٢): علم الاجتماع الشباب، منشورات جامعة دمشق، كلية الآداب والعلوم الانسانيةالثالثة بدرعا.

٩. سيد، جابر عوض (٢٠١٠): البحث في الخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث.

١٠. سدیق، ئارام (٢٠٠٧): گەنج و شوناس، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

١١. شاملۆ، سەعید (٢٠١٩): قوتابخانەو تیۆریەکانی دەروونزانی کەسایەتی، وەرگێرانی: فرمێسک ڕزگار محمد، سیدۆ داود علی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

١٢. صيني، د.سعيد اسماعيل (٢٠١٠): قواعد الاساسية في البحث العلمي، الطبعة الثانية، شبكة الألوكة.

١٣. عبدالمؤمن، على محمود (٢٠٠٨): مناهج البحث في العلوم الإجتماعية (الاساسيات والتقنيات والاساليب)، الطبعة الأولى، دار الكتب الوطني، ليبيا.

١٤. عقيل، حسين عقيل (١٩٩٩): فلسفة مناهج البحث العلمي، مكتبة مدبولي، القاهرة، مصر.

١٥. فرد، ميلسون (٢٠٠٧): الشباب في مجتمع متغير، ترجمة: يحى مرسي عيد بدر، الطبعة الأولى، الاسكندرية، دار الوفاء الدنيا للطباعة والنشر.

١٦. فهمي، محمد سيد (٢٠٠٧): العولمة و الشباب من منظور الاجتماعي، دار الوفاء للطباعة والنشر، مصر.

١٧. مارشال، جوردن (٢٠٠٠): موسوعة علم الاجتماع، ترجمة: محمد الجوهري و آخرون، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، المجلد الثاني.

١٨. لولى، حسيبة (٢٠١٦): الشباب- قراءة في مقارباته و خصائصه، مجلة المربي، العدد: ١٩، المعهد الوطني للتكوين العالي لإطارات الشباب.

١٩. مطر، مدحت ( 2022 ): لغة الاعلام الخطاب، دار اليازوري العلمية.

٢٠. نصير, بو علي . (2005): العلم والقيم، دار الهدى، الجزائر.

٢١. فريحات، علي(٢٠١٣): خصائص و سمات الشباب، مقالة من الانترنيت، وكالة جرسا الاخبارية

https://www.gerasanews.com/article/114970

**توێژینەوەکان**

١. أحمد. عبير محمد عبدالصمد (٢٠٢٠): العلاقة بين استخدام وسائل التواصل الاجتماعي والمشكلات الاجتماعية لدى الشباب الجامعي، مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية و العلوم الانسانية، مجلد ٣، العدد ٥٢.

٢. أحمد، أسماء مصطفى عبدالرزاق (٢٠٢٣): مخاطر وسائل التواصل الاجتماعي على الشباب وآليات مقترحة للحد منها من منظور الممارسة العامة للخدمة الاجتماعية، مجلة القاهرة للخدمة الاجتماعية، ص ٤٥٤

٣. أبو سريع، هبة صالح و آخرون (٢٠١٨): مواقع التواصل الاجتماعي وانعكاساتها الاجتماعية والبيئية على المراهقين – دراسة مقارنة بين البنين والبنات في بعض المدارس الرسمية للغات، مجلة العلوم البيئية، المجلد الرابع والأربعون، الجزء الثاني، ديسمبر، معهد الدراسات والعلوم البيئية، جامعية عين الشمس.

٤. جمال، محمود (٢٠٢٣): العلاقة بين استخدام مواقع التواصل الاجتماعي والاضطرابات السلوكية لدى المراهقين في المدارس الثانوية المصرية، المجلة العلمية للبحوث الإذاعة والتليفزيون، العدد الخامس والعشرون _ يناير/ يونيو، العدد (٢٥).

٥. السالم، فاطمة (٢٠١٩): الآثار الاجتماعية لاستخدام مواقع التواصل الاجتماعي – دراسة على عينة من الشباب في دولة الكويت، المجلة العربية لبحوث الاعلام والاتصال، العدد (٢٧)، أكتوبر/ ديسمبر.

٦. علي، محمد بدر صابر (٢٠٢١): المخاطر الناتجة عن انتشار الشائعات الاكترونية على مستخدمي مواقع التواصل الاجتماعي و مقترحات مواجهتها من منظور تنظيم المجتمع، مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية، العدد ٢ الجزء الثاني.

٧. الصلاحين, هلا. (2023, مايو 2). bunean. (س. ا. المجتمع, Producer) Retrieved from https://bunean.com/u.

8. Damota, M. D. (2019, January 13). The Effect of Social Media on Society. *New Media and Mass Communication* , 9-10.

9. Kovács András, V. P. (2022). SOCIAL MEDIA: PLATFORMS, CONTENT AND CUSTOMERS IN THE HUMAN-TO-HUMAN (H2H) ERA. *https://www.researchgate.net/*, 19.

10. Lule, J. (2016). *Understanding Media and Culture.* UNIVERSITY OF MINNESOTA LIBRARIES PUBLISHING EDITION, 2016.

11. Thomas Aichner, M. G. (2021, April 9). Twenty-Five Years of Social Media: A Review of Social Media Applications and Definitions from 1994 to 2019. p. 2015 .

12. Effects of Social Media on Teenagers. (2022, july 14). Retrieved from https://www.newportacademy.com/resources/well-being/effect-of-social-media-on-teenagers/.

13. pewresearch, c. (2023., 4 10). Retrieved 3 17, 2023, from https://www.pewresearch.org/.

14. *tufts universty* . (2013). (U. C. Marketing, Producer) Retrieved 4 13, 2024, from https://communications.tufts.edu/marketing-and-branding/social-media-overview.

**ملخص:**

اليوم، تتمتع منصات التواصل الاجتماعي بأكبر عدد من المستخدمين ويمكن أن تؤثر على الأفراد بشكل عام والشباب بشكل خاص، من ناحية ، قد يكون لها تأثير إيجابي على العلاقات الاجتماعية ، ومن ناحية أخرى ، قد تسبب الشعور بالوحدة والتعرض للهجمات الإلكترونية ، وتؤثر سلبا على الجوانب النفسية والاجتماعية. الهدف من هذه الدراسة هو إظهار دوافع استخدام منصات التواصل الاجتماعي لدى الشباب وتأثيرها الاجتماعي. مجتمع البحث هو شباب مدينة السليمانية وعينة الدراسة يشمل 156 شابا. الدراسة

sjh@univsul.edu.iq

وصفية والطريقة المستخدمة هي طريقة المسح الاجتماعي، و من خلال استمارة استبيان، و من الأدوات الإحصائية المستخدمة هي (النسبة المئوية، المتوسط الحسابي والانحراف المعياري، معادلة ألفا كرونباخ، ...) وأظهرت نتائج الدراسة أن أهم دوافع لاستخدام المنصات هي الجوانب الاجتماعية والنفسية للفرد، مثل التواصل مع أفراد الأسرة والأصدقاء، والتعرف على الثقافات وأنماط الحياة الجديدة حول العالم، وملء أوقات الفراغ، إن استخدام المنصات يترك أثرا على الشباب إيجابا وسلبا، ومن حيث الخدمة الاجتماعية، فإن استخدام المنصات في نفس الوقت له سبب ويترك أثرا على الشباب. وتتكون الدراسة من ثلاثة أجزاء رئيسية: الجزء الأول: الإطار العام للدراسة، والجزء الثاني: الإطار النظري للدراسة، والجزء الثالث: سياق مجال البحث.

الكلمات المفتاحية: الأثر الاجتماعي، المنصات الاجتماعية، الشباب

Summary:

Today, social media platforms have the largest number of users and can significantly impact individuals, particularly young people. On one hand, they may have a positive influence on social relationships; on the other hand, they can lead to feelings of loneliness, exposure to cyber-attacks, and have negative effects on psychological and social aspects. This study aims to demonstrate the motives for young people's use of social media platforms and their social impact. The research community consists of the youth of Sulaymaniyah city, with a study sample of 156 young people. The study is descriptive, using the social survey method, through a questionnaire, and statistical tools such as percentages, mean, standard deviation, Cronbach's alpha equation, etc. The study results showed that the most important motives for platform use are the individual's social and psychological aspects, such as communicating with family and friends, exploring different cultures and lifestyles worldwide, and filling leisure time. The use of platforms has both positive and negative effects on young people, affecting them socially, and simultaneously serving as a reason for and impact on the youth. The study comprises three main parts: the general framework, the theoretical framework, and the research field context.

**Keywords: Social impact, social media platforms, young.**